
NHS
Greater Glasgow and Clyde

# جەستەی تۆ ــ ژنان / ئافرەتان

## هێلکەدان
دوو هێلکەدانت هەیە. هێلکەی پچووکیان هەڵگرتووە و هۆرمۆن دەردەدەن. هەر مانگێك هێلکەیەك لە یەکێك لە هێلکەدانەکانەوە بەردەدرێت.

## گەردنەی منداڵدان
پێیشی دەووترێت ملی منداڵدان و لە بنی زێوەیە.

## لوولەی فالۆپ
ئەم لوولانە هێلکە لە هێلکەدانەکانەوە بۆ منداڵدان دەگوێزنەوە.




## منداڵدان
کاتێك ژنێك دووگیان دەبێت، منداڵەکە لە منداڵداندا گەشە دەکات و گەورە دەبێت.هەر مانگێك ناوپۆشی منداڵدان ئەستوورتر دەبێت لە بارێکدا کە پێویست بێت بۆ پاراستنی منداڵە گەشە کردووەکە.

## زێ/ناوگیان
ڕاڕەوی نێوان گەردنەی منداڵدان و دەرەوەی لەش. لەکاتی سووڕی مانگانەدا شلەی سووڕی مانگانەوە لێرەوە دێتە دەرێ و ئەو شوێنەیە کە لە کاتی جووت بووندا کێری تێ دەچێت و کەناڵی منداڵ زاییینیشە کاتێك منداڵ لە دایك دەبێت، هەرچەندە زێ لە ناو لەشدایە.

## دامەن
ئەو ناوەیە کە بە سەرتاپای ئەندامی سێکسی مێینە دەووترێت کە لە دەرەوەی لەشە. زۆر کەس زێ بەکار دەهێنن، هەرچەندە زێ لەناوەوەی لەشدایە.

Sandyford

Kurdish Sorani Language Version


لوولەی میز
ئەو لوولەیەیە کە میز لە میزەڵدانەوە
دەگەیێنێتە دەرەوەی لەش.
قیتکە / بەلۆکە
گردە پێستێکی پچووکە کە لەکاتی دەستپەڕ
یان چالاکیی سێکسی دا زۆر هەستیارە.
لۆچە زێ و گنجە زێ
لۆچی پێستن یان لێون کە
دەرکی زێ دادەپۆشن.
زێ/ناوگیان
ڕاڕەوی نێوان گەردنەی منداڵدان
و دەرەوەی لەش. لەکاتی سووڕی
مانگانەدا شلەی سووڕی مانگانەوە
لێرەوە دێتە دەرێ و ئەو شوێنەیە
کە لە کاتی جووت بووندا کێری
تێ دەچێت و کەناڵی منداڵ زاییینیشە
کاتێك منداڵ لە دایك دەبێت،
هەرچەندە زێ لە ناو لەشدایە.
دەرکی کۆم
ئەو دەرکەیە کە لێیەوە
پاشەڕۆك جەستە جێ دەهێڵێت.

Sandyford